www.kurdistannet.org


# بلاوكراوەی فیدراسیون

FEDERATION BRIEFIN

بلاوكراوەی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

ژمارە 2

بلاوكراوەی فیدراسیون مانگی دووجار بلاودەكریتەوە

سەرنووسەر : جەمال كۆشش



بەم ناونیشانە پەیوەندیمان پیوە بكەن!

AdressIFIR,Pf7643,CH-3001 Bern,e-raza-hasan@bluewin.chTel: 031 992 7903


– ساڵێك لە زیندان , ساڵێك لەئیغتصاب

– مەترسی دیپۆرتی 135000 پەنابەری عیراقی لەووڵاتانی ئەوروپا



ئەو پیرەژنەی كە بەگوڵە نایلۆنەكانییەوە چاوەڕێی شەمەندەفەری مردن ئەكا


ژمارە ( 2 )ی حوزیرانی 2003 — شەش لاپەرە — NO : ( 2 )th jun


## پێشمەرجی ئاسایش بوونی عیراق..

پێشمەرجی ئاسایش بوونی عیراق, كشانەوەی هێزە داگیركەرەكانی ئەمەریكاو هاوپەیكانەكانێتی لە عیراق. دەوڵەتی ئەمەریكا هۆكاری نائارامی وشەڕە لەئاستی جیهان و عیراقدا: دەوڵەتی ئەمریكا، تەنها تاوانبارنیە لەئاستی نیوخۆیدا كە گەورەترین ڕێژەی زیندانی لەساڵی 2002دا لەئەمەریكا وبەتایبەت لەڕەش پێستەكان بوو, بەڵكە لەئاستی جیهانیشدا گەورەترین و پڕ كوشتارترین وپێشكەوتووترین چەكی بەكارهێناوە لەجیهاندا, وەك نوام چومسكی دەڵێت ((لەڕاستیدا لەبارەی نەزەرییەوە لەسیاسەتی ئەمەریكادا چەكی قەدەغەكراو ونەكراو نیە)), لەم نووسراوەدا جێگای ئەوە نیە كە مێژووی شەڕو كوشتارەكانی ئەمەریكا لە جیهاندا وپشتیوانی كردنی مادی ومەوخابەراتی و پڕچەككردنی دەوڵەتە دیكتاتۆرو دیسپۆتیزمەكان و گرووپە تیرۆریستەكان باسبكەین لەلایەن ئەمەریكاوە. لێرەدا بەكورتی لەسەر نائارامی وشەڕی ئەمەریكا لەدژی خەڵكی عیراق رادەوەستم : بۆ لاپەرە ☚ 2

## عباس ئەمینی دەموچاوی خۆی دەدوورێت



لەژێرسایەی دەستەلاتداریەتی حكومەتیكی وەك جمهوری ئیسلامی ئیراندا ڕەنگە كارێكی نامۆ كردەوەیەكی سەرسورهێنەر نەبیت كەلاویكی وەك عباس تەنها بە تاوانی سیاسی بوونی چەندین سال لەزینداندا بەسەر بەریت. ڕەنگە بشڵێین عباس بەختەوەرە كە نەچووەتە ریزی 150هەزار ئینسانی تر كە لەسایەی حكومەتی جمهوری ئیسلامی ئیراندا اعدام كراون. بۆ لاپەرە ☚ 5

## فۆرمی بە ئەندام بوون لە فیدراسیوندا

ناو : ..............

ناونیشان : .................

ژمارەی تەلەفون : .............

ژمارەی فاكس : ............

ئیمەیل : ................

بەروار : ..............

## باروودۆخی سیاسی عیراق، ڕۆڵی ئەمریكا

ئەمڕۆ ڕێكخراوی لاوانی فنلاند(ALLIANSSI) هەستا بەگێڕانی پانێلیك بەناونیشانی( باروودۆخی سیاسی عیراق، ڕۆڵی ئەمریكا)،ئەم پانێلە بۆ ماوە دوو سعات درێژەی كیشا، وەزیاتر لە50 كەس بەشدرای تیداكرد لەگەڵ ژمارەیەك كەسایەتی سیاسی كەبریتی بوو لە:خانمHeidi Hautala ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا– لیستی یەكیتی سەوزی فنلان هەروەها كەسایەتی دووهەمی سەفارەتی ئەمریكا لەفنلاند بەرێز Robert Weisberg وە بەرێز Antti Pentikäinenقسەكەرو نووینەری سەرۆك كۆماری دەورەی پێشو Mhtti Ahtisaariهەروەها ریبوار عارف سكرتێری فیدراسیونی سەرتاسەی پەنابەرانی عیراقی. لە سەرەتای ئەم پانێلەدا خانمی بەریز Heidi Hautala بەخێرهاتنی بەشدرابوونی كردو بەكورتی ئیشارەی بەمەبەستی بەرگوزار كردنی ئەم پانیلە كردو پاشان بەهەركەس لەپانێلیستەكان ماوەی 5 دەقیقەیدا بۆ خۆناساندن ودەربرینی بیروڕای خۆیان لەپەیوەند بەوەزعی سیاسی ئیستەی عیراقەوە.

كە لەسەرەتای پانیلەكەوە تا كۆتای هاتن،قسەو باسەكانی نوێنەری سەفارەتی ئەمریكا لە فنلاند بەریز Robert Weisberg هەروەها هەڵوێست و قسەوباسەكانی سكرتێری فیداسیون ریبوار عارف كەوتنە دوو بەرەی بەرامبەر یەك وەستاوی پانیلەكە كە بە كورتی قسەوباسەكانی

بۆ وەلامدانەوە بە كێشەو گیروگرفتەكانتان پەیوەندی بكەن بە فیدراسیۆنەوە !

1- شەڕی دووەمی کەنداو, بۆشی باوك وهاوپەیمانەکان 88000 تۆن بۆمبیان ڕژاند بەسەر خەڵکی عیراقدا, هەزاران سەربازی عیراقیان کوشت و بەهەزارانیشیان سەقەت کرد, ژێرخانی ئابووری ودام ودەزگاکانیان تێکوپێکشکاند, بەسەدان هەزارکەس کە حکومەتی بەعس راپێچی بەرەکانی جەنگی کردبوون, لەکەمپی ئاوارەیی رەفحادا لەزیندانێکی گەورە ئاخنرابوون,پاش تێکشکانی حکومەتی بەعس لەکوەیت بەپێی نەخشەیەك کە لەگەڵ سیاسەتەکانی خۆی بێتەوە, حکومەتی بەعسی جەلادی بەردایەوە گیانی هەزاران کەس بۆ قەتلوعامکردنیان وزیندەبەچاڵکردنیان .

2- گەمارۆی ئابووری,کەیەکێك لەچەکە کۆکوژەکان بوو بەدرێژایی 12 ساڵ زیاتر لە2ملێۆن خەڵکی کربەقوربانی کەوێنەی نیە لەمێژووی هاوچەرخدا,سەرباری ئەوەش. خودی گەمارۆی ئابووری, بنەمایەك بوو بۆ بۆ ئەوەی گەورەترین دواکەوتوویی وعادات و تەقالیدیسەردەمەکانیتاریکی زیندووببنەوە

3 - دروستکردن وپشتیوانی کردنی بزووتنەوە کۆنەپەرستەکانی عیراق لەم ماوەی ئەم 12 ساڵەدا بەشێوەی جۆراوجۆر, دروستکردنی کۆنەپەرستانی وەك INC,تۆڕی موخابەراتی CIA, موداخەلەی نێوخۆیی وپشتیوانی کردن لە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان, دامەزراندنی باندی تیرۆریستی لە ژەنەڕاڵەکانی تاوانبار دەرهەق بەکوشتنی هەزاران لەخەڵکی مەدەنی لەشکریپێشووی عیراق,....

4- تۆپبارانی فرۆکە جەنگیەکان بەبەردەوامی لەم 12ساڵەدا, وە زۆربەی جار بەتەواوی کۆمەڵگای عیراقی داگرتووە بەهەڕەشەی بەرپاکردنی جەنگ, کۆمەڵگای لەدڵەڕاوکەدا بۆ ئاستی مەترسی گەورەو خولقانی کارەسات بەرەورووکردۆتەوە..

5- لەمانگی ئۆکتۆبەری 2002وە کۆمەڵگای عیراقی لەچاوەنواڕی کۆمەڵکوژی وبۆمبباراندا ڕاگترابوو, هەموو خەڵك و دام و دەزگاکان وهۆشداریيان دەدا کەعیراق لە لێواری تراژیدیایەکی مێژوویدا لەبەردەم چەکە کۆکوژو قەدەغەکراوەکانی ئەمەریکا ڕاگیراوە.



6-ئێستا لەشکری داگیرکەری ئەمەریکا خولقێنەری گەورەترین نائارامیەلەعیراقدا:

-لەماوەی شەڕدا نابوودکردنی تەواوی ژێرخانی کۆمەڵگای عیراق, سیستەمی کۆمنیوکاسیۆن, کارەبا, کە ئەمانەش بەدەوری خۆیان یەکسەرە لەسەر تەواوی ڕەگەکانی ژیانی کۆمەڵگا کاریگەرییان دانا, لەماوەی شەڕدا هەموو رۆژێك سەد بریندار مەدەنی وکاتێك هێرشی زەمینی بۆ سەر بەغدا دەستپێکرد هەر سەعاتێك 100 بریندار پێویستیان بەچارەسەر هەبووە ئەمانەتەنها لەبەغدا, نەخۆشخانەکان, باخچەکانیان گۆڕدرا بە گۆڕستان لەبەر ئەوەی نەبریندارەکان فریای چارەسەر دەکەوتن, نەدەرمان هەبوو, نەکارەبا هەبوو, نەمجمدەکان ئیشیان دەکردتا لاشەکانیان بپارێزن .

-یەکلەسەرچواری منالانی عیراق لەئێستادا لەگەڵ بەدخۆراکی بەرەو ڕوون, کە ئەمەش دووبەرابەرە لەگەڵ ساڵی پارداو نزیکەی یەکملێۆن منالە. ئاکامیبێکارەبایی خەڵکی لەگەڵ کارەساتی گەورە بەرەو ڕوو کردۆتەوە, بێئاوی وتەعقیمنەکردنی ئاو, ڕژاندنی مادە کیمیاییە ژەهراوییەکان بۆ ڕووباری دجلەو فورات کەسەرچاوەی ئاون بۆ زۆربەی دانیشتوان خەڵك وبەتایبەتی منالانی لەگەڵ دوارۆژێکی پڕمەترسی وترسناك ڕووبەڕووکردۆتەوە. تەنها لەشاری بەسرە 30 حاڵەتینەخۆشی کۆلێرا بەدڵنیایی تەواوەوە تەشخیص دراوە, دانیشتوانی عیراق ئێستا ئیتر نەك لەژێر هەڕەشەی بۆمب, بەڵکە کۆمەڵگابەڵێشاو سامناکی مەرگی شێنەیی لوشی دەدات.

-دامەزراندنی حکومەتی شێوە عەسکەری بۆ دەستبەسەراگرتن وکۆنترۆڵکردنی تەواوی چالاکیە سیاسیەکانی خەڵك و حزبە سیاسیەکان, بێئرا دەکردنی خەڵك بەشێوەی فریودان بۆ چاوەڕێکردنی ئەوەی چی بەسەر دێنن. کۆنترۆڵی داهات وسەروەتی عیراق.وادارکردنی خەڵك بۆ ملکەچکردنیبۆسیاسەتە ئیستعمارییەکانی وتەنانەت شاردنەوەی لەچاوی خەڵك و دامەزراندنی نوێنەرانی جێمتمانەی خۆی بۆ هەموو پۆستەگرنگە نێودەوڵەتیەکان . لفلێدانی ئەمەریکا بەسەر سامانی عیراقەوە, قێزەونترین کردەوەو مامەڵەیەکە کە بەعیراقیەکانی دەفرۆشێتەوە .

-ئەوەی کەمترین بایەخی هەیە لەڕوانگەی دەوڵەتی ئەمەریکاوە, مافەکان وئیرادەی خەڵکی عیراقە,سیاسەتێك کە لەبواری دامەزراندنی حکومەتدا بەڕێوەی دەبات, ئەڵقەیەکی تری بۆمبارانەکانە, چەکی یۆرانیۆم وئەشعەکانە, هەندێك لەلاشەکانی بەرکەوتوو دائەخورا وهەڵئەوەری, بەڵام نەخۆشیەکی تری کوشندە کەکۆمەڵگاو ئینسانەکانی داوەشاندوە, ترس وتۆقین, بێحکومەتی و نەبوونی ئاسایش, دزی و ڕاو ڕووت, ئیغتصاب و جەرائم, بێئاوی و بێکارەبایی, هەژاری ونەخۆشی وبێکاری.

-پشتیوانی کۆمەڵی حزبی دواکەوتووی دژی ئینسانی ودروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی وئایینی وخوێن وعەشرەتی ودابەشکردنی دەسەڵاتی کۆنەپەرستانە بەپێی ئیمتیازاتی لایەنگری لەسیاسەتەکانی ئەمەریکا.

-دروستکردنی قەبیلە وعەشرەت وشیخ و ئاغاو داروودەستەی دواکەوتووی کۆنەپەرست ودژی ئازادی ومەدەنی.

-نەبوونی هیچ پرۆژەو بەرنامە وسیاسەتێك کە تیایدا چارەسەرێك بۆ ئەم نەخۆشیە سەرەتانیانە دابنێ, نەبوونی بەرنامە و پلاتفۆرمێك کە مافەکانی ئینسان بەپێی بریارنامە جیهانیەکان وئازادیە سیاسیی و مەدەنیەکان دابپیانرابێت .

www.kurdistannet.org

# ساڵێك لە زیندان، ساڵێك لە ئیغتصاب

**لەزمانی ژنێکەوە ,گوێ لەم کارەساتە بگرن**

**ئامادەکردنی : ئەحمەد عەلی**

کۆڕەوی خەڵکی کوردستان ئومێدی زۆر کەسی هەڵوەران, ئەوانەی لەدەریاکاندا نقوم بوون, یان ئەوانەی سەرماوتۆفان کوشتنی ولەئاخرین لەحەزاتەکانی بێکەسیدا کەس گۆێی لە شەکوایان نەبوو, چ ئەوانەی قسەکانی دڵیان بەسەرپارچەی لوغمەکانەوە بەجێما, سەفەرێك, هەڵاتنێك بەناچاری یەخەی زۆر کەسی گرت, زۆرێکیش لەم رێگایەدا ئیحساسیان, شەخسیەتیان ورد و خاش بوو,یەکێك لەو دەنگانە ئێستا کارەساتێك دەگێڕێتەوە, ژیان لەگەڵ برینەکانی ئەو دەنگەدا خوێنی لێدەتکێ, لەگەڵ هاواری ئەودا نەفرەت لەهەرچی زوڵم وستەمە دەیکات, فیدراسیۆن دەیەوێ گوێتان لەم دەنگەبێ.

فیدراسیون: ئەگەر بکرێ هۆکاری هەڵاتنتمان بۆ بگێڕییەوە؟ تا رۆشناییەك بخەیتە سەر وەزعیەتی ژنانی کوردستان.

أ.م.م : دەبێ لەپێشدا ئەوە بڵێم ئێمە6 خوشك بووین کە بەمناڵی باوکمان مرد, تەنیا پەنایەك کە هەمانبوو جێیهێشتین. ئیتر مناڵیمان بەخۆمانەوە نەبینی, مامەکانم بوون بەخاوەنمان, لەوکاتەدا ئەمە بەشێك لەئازاری ئێمەی کەم دەکردەوە, بەڵام ژیانمان جۆرێکی تر دەستییپێکرد, دڵڕەقی, زوڵم, لێدانوسەرکوت ژیانی ئێمەی داپۆشی, تائەو کاتەی گەورەبووین ئیتر بەهەر جۆرێك بوودەمانویست لەو ژیانە رزگارمان بێ, من ویستم لەگەڵ کەسێك زەواج بکەم قەبووڵیان نەدەکرد, بەڵام ئەو شانسی ئەوەی هەبوو کە دەسەڵاتێکی شکدەبرد, ئیتر بەناچاری رازی بوون بەمەرجێ حاشایان لێ بکەم, دوای چەند ساڵ کە مێردەکەم کوژرا, دووبارە ژیانم لێتێکچووەوەیان دەبوایە شوم بەشوبراکانم بکردایە کە زۆریان لێم دەکردیان دەبوایە بگەڕێمەوە لای مامەکانم, دوای چەند ساڵ لەو وەزعەدا لەگەڵ کەسێکی تر زەواجم کردکە خزممان بوو بەڵام رێکنەئەکەوتین. من بێ کەسی پشتی شکاندبووم, دەبوایە



رێگایەك بدۆزمەوە بۆ ئەوەی رزگارم بێ بەڵام کەس نەبووئەو دەرگایەم بۆبکاتەوە. ئیتر هەر چۆنێ بوو سەنتەری پارێزگاری ژنانیان پێم ناساندو منیش چومە ئەوێ بەڵام نەدەکرا هەمیشە لەژێر چاودێریدا بم وزۆر سەخت بوو, بۆیە هەرچوونێك بوو دەرچووم.

فیدراسیون: باشە دەکرێت چۆنیەتی دەرچوونتمان بۆ باس بکەی ولەرێگا چیت بەسەرهات؟

أ.م.م : من لەگەڵ دوو خێزانی تر دەرچووم کەدەمناسین, تا رەزایە هیچ کێشەیەکمان تووش نەبوو, لەوێ بۆ ماوەی دوو هەفتە ماینەوە دەیانوت رێگا خراپەو کەس دەرناچێ, دوای ئەوەی یەکێك لەو دوو خێزانە لەگەڵ قاچاچییەکە بەشەرهاتن گەرانەوە کوردستان, ئیتر من و ژنێك ماینەوەکەچەن مناڵی پێبوو لەوێ ماینەوە, دوای زیاتر لەمانگێ ووتیان دەرتان ئەکەین بەڵام ناتوانین پێکەوە دەرتان بکەین, زۆر هەوڵماندا پێکەوە برۆین بەڵام رازی نەبوون, منیش لەبەر ئەوەی پەنایەکم نەبوو بگەڕێمەوە ناچار قەبووڵم کرد, بەڵام باوەڕم نەدەکرد کە بەوجۆرەم بەسەر بێ, ئیتر منیان جیاکردەوەوبردمیان بۆ کوێ؟ نازانم, من شارەزای ئێران نەبووم هیچ کێم نەدەزانی تا دواجار لەشوێنێکدا منیان دانا لەماڵێکی ئیعتیادی نەدەچوو ئەو شەوە تەنهالە کابرایەکم بەتەمەن زیاتر کەسم نەدەبینی. من نازانم ئەوان چۆن رێککەوتبوون بەڵام ئەو پیاوەش ویستی تەعەدام لێبکا, دوایی زانیم ئەو شوێنە هی وولاغ بەخێوکردن بوو کە لەئاوەدانیەوە نزیك نەبوو, ئیتر ئەو کاتە زانیم ئەوە سەرەتای کارەساتێکە.

فیدراسیون: ببورە ئەگەرچی برینت دەکولێنینەوە, دەتوانی باسی هەڵسوکەوتی ئەو کەسە بکەیت کە ئیغتصابی کردی؟

"لێرەدا هەناسەیەکی هەڵکێشا وبەگریانەوە دەستی بەقسەکردن کرد..."

أ.م.م : حیکایەت وبەسەرهاتی من درێژە, نازانم باسی چیتان بۆ بکەم, بەهەرحاڵ ئەو کابرایە دڵ وویژدانی نەبوو, من نزیك بەساڵێك لەو شوێنە مامەوە, سەرەتا دوای چەن رۆژێك ویستی بەزۆر سێکسم لەگەڵ بکا منیش دیفاعم لەخۆمکرد بەڵام دەستێکی شکاندم, بڕوابکە بەجۆرێك تەعزیبی ئەدام وەکو ئەوەی برایەکیم کوشتبێ, راستیەکەشی بەجۆرێك ترساندبوومی لەسێبەری خۆمیش دەترسام, چونکە کەسێکە ئاوەهاو لەشوێنێکی وادا کوشتنی من سەیروگران نەبوو, جارێکی تر هەمان کاری دووبارە کردەوە کە نەمهێشت دانێکی‌شکاندم. تادواجار خۆم بەدەستەوە دا, ئەی چیم پێدەکرا, ئێوە پێم بڵێن!

ئەو ماوەیە نەك لەزیندان بووم کە هەمیشە بەسەر سەرمەوەبووەبەڵکو دۆزەخ بوو, هەمووڕۆژێ تەعزیبت بدەن, بتترسێنن, تەعەددات لێبکەن سەختە .هەمیشە ئەیخواردەوە, من نازانم چەن کەسی تری والێکردبوو, بەڵام یەکێك بوو لەو جەلادانەی هەمیشە بەدوای دەگەڕا. ئەو مافیابوو قاچاچی نەبوو.

فیدراسیون: ئەی دواجار چۆن رزگارت بوو؟ هەوڵی هەڵاتنت نەئەدا؟ بۆ لاپەرە 4

# ئەو پیرەژنەی کە بە گوڵە نایلۆنەکانی‌یەوە چاوەڕێی شەمەندەفەری مردن ئەکا

سالّی 1999 چووم بۆ شاری زوریخ " " لەگەڵ داغلّ بونم بەوێستگەی شەمەندەفەرەکەی ئەو شارە بینیم قەرەباڵغی یەکی زۆری بێ مانا سەری لێ ئەشێواندی, بۆیە ساتێك دانیشتم تا پشویەك بدەم. کەسەرم هەڵبڕی لەئاستی زەویەکەوە بینیم هەزارەها جۆت قۆندەرە ..تاق..تاق ..ئەڕوات, تەنها چوار قاچ نەبێت کە وەستا بوو, کە تەواو سەرم هەڵبڕی , ژنێکی پیر, پیتر لەژیان لەسەر کورسی‌یەکی کەم ئەندام "معوق" بە چەپکە گوڵێ جوانەوە سەری دانەواندووە, واپێ ئەچوو ئەویش دیقەتی قاچ وقۆندەرەکان بدات , سالّی 2000 هەمان سەفەرم کەوتەوە بەر چوم بۆ شاری زوریخ لەگەڵ گەیشتنم بەوێستگەی شەمەندەفەرەکە بینیم هەمان پیرێژن بەهەمان شێوەی سالّی رابردوو لەوێیە..زۆر دیقەتم ئەدا چونکە وا مەزەنەم کرد کە ئەم پیرەژنە گوڵ بفرۆشێت..پاش دوو سال لە 2002 دا رێم کەوتەوە وێستگەی شەمەنەفەرەکەی شاری زوریخ , لەگەڵ دابەزیم لەشەمەنەفەرەکەم , بینیم هەمان دیکۆر لەبەردەمم دا توت ببوەوە, بەلاّم ئەم جارەیان بەتەنها گوڵە حەقیقیەکانی گۆڕییوون بەگوڵە نایلۆن, هەربۆیەش ئەم سەفەرەیان نەمتوانی هەروا ئاسان جێی بهێلّم, ئەبێت بەسەرهاتی ئەم پیرەژن و گوڵەنایلۆنە چی بێت؟ ( ئەم ژنە تەنها کورێکی هەبووە وپێش نۆ سال سەفەری کردووە وشەمەفەندەفەرەکەی توشی رووداوێك بووە نەگەڕاوەتەوە).لەم دێرە زیاتر هیچ نی یە. بۆیە هەر بەدێرێکیش نوسیم چونکە ویستم خۆم لەو پرسیارە لابدەم ئەی چی جوابی ئەو بیوەژنانەی وولاّتەکەی خۆم بدەمەوە کە بۆ جەنگ قومار بەمێردەکانیان یان بەکورەکانیانەوە ئەکرێت, باوازلەمە بهێنین چونکە ئەوان تاقە کورەکانیشیان بۆ هەمان رێگای باوکیان پەروەردەئەکەنەوە..

چەند عەبەسێکی جوانە, ئەم پیرەژنە تازە باوەڕی بەهاتنەوەیی کورەکەیی وبەرۆژێکی سپی وبەگوڵێکی حەقیقیش نەماوە کەچی هەر چاوەڕێش ئەکات , چەند قەشەنگە درۆلەگەڵ خۆتدا نەکەیت, پاش نەگەڕانەوەی کورەکەی بۆ باوەش , ئەویش بریاری نەگەڕانەوە ئەدات بۆ ناو واقیع, سەریشی هەرنەواندوتە سەر گوڵە نایلۆنەکانی چونکە ئەزانێت ئەوانن کە شایانی ژیانن. ئەو گوڵانەش هەر ئەو گوڵانەئەبن کە لەباوەشی لاشەکەیی دا جێ دەمێنن لەدوای خۆی.چونکە دڵنیام لەجیاتی کورەکەی شەمەندەفەری مردن دێتە لای,,ئەوەی لەپیرەژن تێ گەیشتم ئەڵێت "من کورێکم دروست کرد تا لەپاش من جێ بمێنێ نەك لەپێشمەوە بڕوات , هەتا شەمەندەفەرەکان بێن وبچن من هەرچاوەڕێیم وخۆگەرنەشیەتەوە ئەوا من ئەچم بۆلای , گرنگ ئەوەیە پێکەوە بین" منیش بەتەنها ئەوەندە ئەتوانم بڵێم خۆزگە لەدوای خۆت عەرەبانەکەت وگوڵە نایلۆنەکانت بۆ هەتاسەر لەم وێستگەیەدا بمانایەتەوە, ژیان لەگوڵە نایلۆنەکانی تۆ ئەچێ..

**سەفین ئەنورە ... ئاسمان**

پەیامنێرەکانی بلاوکراوەی فیدراسیۆن:
ئەحمەد عەلی : -163 32 87 78 0041
ahmadbkaran@yahoo.com
علی مقەدەمی :ئەسینا—یۆنان
00306938047999
aliaoghadam@hotmail.com
جبار محمد —ئیتاڵیا
003933866167823

**پاشماوەی ... ساڵێك لە زیندان ، ساڵێك ...**

أ.م.م : من هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە چۆن هەڵبێم, بەلاّم بۆ منێك کە زمان وڕێگە شارەزانەبووم, ئاسان نەبوو.دەمزانی گەر بشزانێ دەمەوێ هەڵبێم خراپتر بەسەر دێنێ. تاوای لێهات بەقسەی خۆش ویستم قەناعەتی پێ بکەم کەخۆشم دەوێ, و دەتوانین بەیەکەوە بژین, ئەو کەهەمیشە گومانی لەمن هەبوو کەمێ باوەڕی‌پێ کردم. چەن جارێ لەگەڵ خۆیدا دەیبردمە ماڵێ کەلەدێیەك بوون. منیش لەجارێکیاندا بەسەرهاتی خۆم بۆ ژنی ئەو ماڵە گێڕایەوە ودەستیم ماچکرد کە یارمەتیم بدا, ئەویش زۆر بێ تاقەت بوو وەعدی پێم دا لەگەڵ مێردەکەی باسی بکات ونەهێڵێ ئەو کابرایەش پێی بزانێ. لەو ماوەیەدا بڕێك فێری زمانی فارسی ببووم. دوای ماوەیەك کوردێکیان دۆزییەوە کە لەئێران کاری دەکردکەبمباتەوە بۆ کوردستان بەدزییەوە, ئەو رۆژەی کەوتمان دەرئەچین ئەو لەماڵ نەبوو, بڕوا بکە لەداروبەرد ئەترسام, ئەموت ئێستا بمگرێ چیم لێ دەکا؟ هەموو گیانم ئەلەرزی ورەنگم زەرد هەڵگەڕابوو,من زۆر مەمنوونی ئەو کورە کوردە وئەو ماڵەم. ئیتر هەرچۆنێك بوو چوومەوە کوردستان و یەکسەرەخۆم گەیاندەUN یوئێن لەتورکیا.

فیدراسیون: ئەی چۆن خۆت گەیاندەUN لە تورکیا ؟ ئەوان باوەڕییان پێکردی ؟

أ.م.م: دوای ئەوەی کە گەیشتمەوە کوردستان لەجێگایەك مامەوە تارێگایە کیان بۆم دۆزییەوە تا خۆم گەیاندەUN تورکیا, کەسێ ئاگای لەوەزعی ژنانی کوردستان نەبێ بڕواناکا, بەلاّم ئەوان باوەڕییان پێکردم بەمانگێ قەبوولّیان کردم.من ئێستا لەولاّتێکم و ڕزگارم بووە.

فیدراسیون: دوا قسەت چیە؟

سوپاس بۆ ئێوە وبلاوکراوەکەتان کە مەجالتان دامێ قسەی دڵی خۆم بکەم وئەم کارەساتە بەخەلك بگەیەنم.

زەحمەتتان کێشا بەتەلەفۆن ئەم چاوپێکەوتنەتان کرد. هەر سەرکەوتووبن.

www.kurdistannet.org

# مەترسی دیپۆرتی 135000 پەنابەری عیراقی لەوولاتانی ئەوروپا

**ئامادەکردن ووەرگێڕانی : شەهاب سالم**

گێڕانەوەی پەنابەرانی عیراقی دروست لەرۆژی دوای ڕوخانی ڕژێمی صەدام هاتە دەستوور کاری دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپاوە. ئێستا دوای تێپەڕینی مانگونیوێك بابەتی گێڕانەوەی پەنابەرانی عیراقی بۆتە یەك بابەتی جدی دەوڵەتان. سەرۆکوەزیری یۆنان کە سەرۆکایەتی یەکێتی ئەوروپای لەئەستۆدایە لەم دوویانەدا لەچوار چێوەی یەك چاوپێکەوتنی رۆژنامە نووسیدا رایگەیاند پەنابەرانی عیراقی کە لەئەوروپا دەژێن دەبێت بۆ عیراق بگێڕدرێنەوە, هەروەها ووتوویەتی لەگەڵ سەقامگیربوونی پایەکانی کۆمەڵگا لەعیراقدا ئیتر بۆ پەنابەرە سیاسی وئابووریەکانی عیراق ئەوروپا جێگایەك نابێت بۆ مانەوە وهەموو پەنابەرانی عیراقی دەبێت بۆ عیراق بگەڕدرێنەوە .بەپێی راپۆرتی کۆمیساری پەنابەری باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان نزیکەی 135000 پەنابەری عیراقی لەئەوروپا دەژێن.ئەم سیاسەتە کەیەکەمجار لەپەیوەند بەپەنابەرانی ئەفغانیەوە بەکاربرا, ئیستا بەشێوەیەکی فراوانتر وهاوئاهەنگتر تایبەت بەپەنابەرانی عیراقی لەجێبەجێکردندایە.

بەریتانیاو ئوسترالیا یەکەمین دەوڵەتبوون کە بانگەوازی دەرکردنی عیراقیاندا.

هەر ئێستا بەدوای ئەم بڕیارەی دەوڵەتی بەریتانیا تایبەت بەدیپۆرت کردنەوەی خێزانی پەنابەری عیراقی بۆ بەغدا لەم وولاتەدا لە چاوە ڕوانی دیپۆرتکردنەوەدا ڕاگیراون و دۆسیەی پەنابەرە عیراقیەکان بەهەڵواسراوی ماوەتەوەو هەزاران پەناهەندە لەچاوەڕوانی فرۆکەکان دیپۆرتکردنەوەدا دانراون. هەروەها دانمارك کە هەژدە هەزار پەنابەری عیراقی تێدایە رایگەیاند کە هەر پەنابەرێکی عیراقی کەوەڵامی کاتی وەرگرتووە,دوو هەزارودووسەد دۆلار لەبری دیپورتکردنەوەی دەدات.

نەرویجیش داواکاری گەڕاندنەوەی پەنابەرانی عیراقی و بونیاتنانەوەی عیراقە. سویدو تەواوی وولاتانی ئەوروپا بڕیاری لەو شێوەیەیان بۆ ناردنەوەی پەنابەرانیعیراقی لەدەستووورکاردایە , بەرەی دەوڵەتانی ئەوروپا لەکاتی شەڕ لەگەڵ کاولبوونی عیراق ولەدوای شەڕ لەدژی پەنابەرانی عیراقی هەڵویستیان گرت. دەنگێك لەنێو دەولەتەکاندا لەدژی ئەم بڕیارە نابیسترێ. هێرش بۆسەر مافەکانی پەنابەری, پشتیوانی نەکردن لەقوربانیانی نائەمنی و سەرکوت وتیرۆر خاڵی هاوبەشی سیاسەتەکانی دەوڵەتانی ئەورووپایە, کۆمەڵ کۆمەڵ ئینسانەکان بۆ



دۆزەخێك دەنێرێت بۆ خۆیان ئامادەنین وەکو کۆمەڵگایەکی ئاساییووەکو یەك کۆمەڵگای ئەمرۆ بیناسن. هەتاکو ئامادەنین باڵوێزەکانی خۆیان بۆ ئەوێ بنێرن.

**پاشماوەی عەباس ئەمینی ....**

بەلام لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە عباس لە زیندانەکانی جهوری ئیسلامیدا رنگە هەرگیس بیری لە پەنابردن بۆ خۆ کوشتن و کاریکی لەو جۆرە نەکردبیتەوە،بەلام هەقیقەت ئەوەیە سیاسەتیك کە عباس و عباسەکانی تر ناچار بە پەنابردن دەکات بۆ دەم و چاودوورین و خۆکوشتن، تا سەر مۆغ و ئیسقان نا ئینسانی و مایەی نەنگ و شەرمەزاری یە. عباس دوو ساڵ لەمەوبەر پاش بەسەر بردنی دەورانی لاوایەتی خۆی لە زیندان سەرئەنجام سەرکەوتوو دەبیت کە دیواری ئیرانی زیندان تیك بشکێنێت و بەهیوای ژیانیکی باشتر روو بکاتە هەندەران و بەریتانیا بکاتە هەوارگەی حەوانەو درێژە پێدان بە ژیان، بەلام بە داخەوە بەهۆی لەچاوەرانی بەسەربردن لەبەریتانیای ئازادا ئەو نەك کەوتە زیندانیکی گەورەوە بەلکو لەم رۆژانەدا تەنها چەند هەنگاویك لە مەرگ و نەمانەوە دوور بوو. رەنگە ئەو نەیتوانبیت بۆ سەلماندنی ئاسایش نەبوونی ژیانی ( وینەی سەری برای خۆی وەك دوکیومەنت بخاتە بەردەست کاربەدەستانی حکومەتی بەریتانیا، بۆ سەلماندنی نا ئەمن بوونی ژیانی. شەش سال لە زیندانا مانەوە ئەشکەنجەو ئازاریش وەك پیویست ئەمرۆ ناتوانیت بەلگەنەویست بیت بۆ حکومەتێکی ((ئینسان دۆست ودیموکراسی))وەك بەریتانیا.

عەباس ئەمینی پاش بەسەر بردنی نزیك بە دوو هەفتە مانگرتن لەخواردن ودوم وچاودورینی خۆی ، ناچار پاش ئەو کەمپینە تەبلیغاتەیە فراوانەی کە فیدراسیونی گشتی پەنابەرانی ئێرانی بەرپای کرد بووە هۆی بە تەنگەوە هاتنی چەندین کەناڵی رادیو رۆژنامە محلی و سەرتاسەریەکانی بەریتانیا و هاوپێچ پشگیری کردن و داکوکرنی چەندین حیزب ولایەن و ریکخراوی سیاسی و ئینسان دۆست سەرئەنجام حکومەتی بەریتانیا ناچار بە پاشەکشەکردن و بەرەسمیەت ناسینی ماف پەنابەری عباس بوو. ئەوەی لەپەراوێزی ئەم رووداوە دەمەویت بلیم وەبیرهیناوەی مەترسی هەرەشەی دیپورت کردنەوەی هەزاران پەنابەرای عیراقی لە بەریتانیا. بیهینە بەرچاوی خۆتان ئەگەر ئەم هیزە مەزنە بەشیوەیەکی ریکخراو نەخشە بۆ کێشراو لە دەیان شاروشارۆچکەی بەریتانیاوە بینەمەیدان، ئایا دە بەرامبەر بیروای گشتی ومیدیاو حیزب و لایەنە ئینسان دۆست و چەپەکان پشگیریان لی ناکەن؟ کە لە راستیا لەم رۆژانەدا هیچ ریگەیەکی تر لەبەردەم پەنابەرانی عیراقی دا نیە جگە لە هاتنەمەیدان و نارەزای دەربرین نەبیت . لەم حالە بەدەر مەسەلەی دیپورت کردنەوەی هەزاران ئینسان بۆ کۆمەلگایەك کە هیشتا هیزە سەربازیەکانی حکومەتی بەریتانیا خۆی جورئەتی دانان بە ئاسایش بوونی عیراقدایان نیە، ئێمە دەگەرینەوە ئەو ناوچەیەی کە دوێنی بە نرخی گیان لەدەستدانی سەدان هاوکاروانمان گەشتینە بەریتانیا. بۆیە بەدەنگەوە هاتن و ریزبەستن و کۆبوونەوەتان لەدەوری کەمپینی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا تەنها تروسکەی هیواو سەنگەریکی واقعیە بۆ رێگرتن لە مەترسی دیپورت کردنەوەتان، یەکیەتی ریزەکانمان و نارەزای دەبرین دژ بەم سیاسەتەی حکومەتی بەریتانیا تەنها ریگەی پاشەکشە پێ کردن بەو سیاسەتە نا ئینسانیەو مسۆگەر کردنی بە دەستهینانی ماف پەنابەریمانە !

**ریبوار عارف 30 / 5 / 2003**

www.kurdistannet.org


ئەمڕۆ جیهان شاهیدی گورانکاریەکی گەورە و کۆتای هاتنی بە تەمەنی حکومەتیکی دیکتاتوری گەورەی بووەتەوە... ئەم هەنگاوە تەنها مژدەیەکی خۆش نی یە بۆ خەلکی عیراق، بەلکو مایەی خۆشحالی مرۆڤایەتی و بەرەی دژ بە تیرۆریشە..، جیهانی ئەمرۆ پیویستی بە دەست کۆتاکردنی تیرۆریستان هەیە بۆیە ئەمریکا جەغتی لەسەر پیکهینانی ئەم ئالوگۆرەکردو سەرمایەیەکی گەورەشی لەسەر دانا، کە لەراستیدا وەك عیراقەیەکان خۆشیتان دەلێن روخانی حکومەتی عیراق بەبی دەخالەت و پشگیری ئەمریکا مەحال بوو ... ئەگەر چی سەرەتای دەست بردن بۆ ئەم کارە ئاسان نەبوو وە رووبەرووی هەندی رێگری تایبەت بووینەوە، بەلام دەبینین کە ئەمرۆ خەریکی بنیادنانی عیراقیکی ئازادابن و ئەمەش کاری هەمووماندو لە پیشیشیانەوە خەلکی عیراق خۆیان ... سکرتیری فیدراسیونیش لە چەند تۆبەتدا بەم شیوە قسەی کرد: ئێمە هەر لەسەرتای شەرەوە پێمان لەسەر ئەوە داگرتووە کە ئەم شەرە هیچ پەیوەندیەکی نی یە بە راوستانە دژ بە تیرۆریزم و دامالینی چەکی کیماوی و دیکتاتوربوونی حکومەتی عیراقیەوە.

بەلکو بە کردەوە مەبەستی سەرەکی ئەم شەرە جاریکی تر هەنگاویکی گەورەیە بۆ بەهیزکردنەوەی موقیەتی ئەمریکا وەك زل هێزی دنیای ... بەرلەهەر شتێك دەکریت بلێن رەنگە پێویست بەهیچ باسێکی ئیسپاتی نەکات بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر ادعایەك لە پەیوەند بە ریشە کیش کردنی تیرۆریزم لە رێگەی ئەم شەرانەوە... تەنها چاوگیرانەوەیەکی سەرپێی و بەسەر هێرشەکانی بەرەی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی لەسەرتاسەری جیهاندا کافیە بۆ داخستنی ئەو فایلانە. من پێم وایە ئەوە جورئەتیکی سەرسووڕهینەرە کە نووینەری سەفارەتی وولاتیك کە لە ریگەی گەمارۆی ئابوری یەوە 12 سال پەتی لە گەردنی خەلکی عیراقدا هەلخستووەو لەریگەی ئەم چەکەوە یەك ملیون و نیو خەلکی عیراق لەنێوبرد، بەلام ئیستە لەم هۆلەدا باس لەوە بکات کەخەلکی عیراق توانای لەنیو بردنی ئەو حکومەتە دیکتاتورەیان نەمابوو ئێمە بەوەزیفەی خۆمان زانی کە بەتەنگیانەوە بچین، حکومەتەکەی ئێوە لەم چەند سالەدا کاریکی کرد کە ئێنسان تەنانەت ناچاربیت بۆ بەدەستهینانی شیری مندالەکانی چوك دابدات، مەگەر لەم چەند سالەدا بەهۆی نەبوونی داو دەرمانی سك چوونەوە سەدان هەزار مندال گیانیان لەدەست نەدا ؟ ئەمە بەدەر لەوەی کە ئەگەر حکومەتی ئەمریکا باس لە دیکتاتور بوونی بەعس و بوونی چەکی کیمای دەکات دەبێت وەلام بەو پرسیارانەش بداتەوە کە هۆی چی بوو لە سەرەتای هاتنە سەرکاری بەعسەوە تا شەری خلیج پشتگیریان لەو حکومەت دیکتاتورە کرد؟ دەبیت ئەوەش روون بکاتەوە کە هۆی چی بوو ئەو رۆژانەی کە بە هەزاران ئینسان بە چەکی کیمیایی ئێوە لە عیراقدا دەکوژران وە کەچی ئەمرۆ بوونی هەمان چەکی کیمیای دەکەنە بەهانەی هێرش کردنە سەرخەلکی عیراق بۆ رووخانی حکومەتەکەی .. باس لە کام بی توانایی بوونی خەلکی عیراق دەکەن بۆ رووخانی حکومەتی بەعس، دەکرێت بۆ نادروست بوونی ئەم قسەتان راپەرینی خەلکی عیراق پاش شەری خلیج وە بیرخۆتان بهینەوەو لەخۆتان بپرسن کە ئایا ئەو کاتەی کە خەلکی دژ بە بەعس هەلسا بۆ ئەمریکا پاشەکشەی کردو پشگیری لەخەلکی نەکرد بۆ یەکلای کردنەوەی راپەرینەکەیان ... دوا قسەی من لەبارەی ئازاد بوونی خەلکی عیراقەوە، دروستە خەلکی عیراق لە دیکتاتوریك رزگاریان بوو بەلام ئایا دەکرێت هیوا بەکام بەدیل و ئایندە ببەستن لە نیوان هێرشی ئێوە بۆ سەر خۆپیشاندەران و حکومەتی میلیتارستیەکەتان و یان هەر جۆرە حکومەتیکی ئیسلامی لە ئایندەیەکی دورونزیکدا .. دەمەوێت بە کورتی بلێم ئەوەی ئەمریکا لەسەرەتاوە لی نیگەران بووە دەخالەتی خەلکە لە خوارەوە بۆ دیاری کردنی مافی چارەنووسی خۆی، بۆیە ئەوەی کە خەلکی عیراق پاش گۆرکردنی ئەو دیکتاتورە هیوایان پی گرداوەتەوە ئەو جۆرە حکومەتە کە خۆیان ئازادانە بنیادی دەنین ... کە ئەمەش لەگەرەوی دەرچوونی هیزەکانی ئەمریکاوچاودیرکردن ودەستەلات داربوونی رێکخراوەی نیونەتەوەیەکانە.

سکرتاریەتی فیدراسیونی سەرتاسەری
پەنابەرانی عیراقی
2003 / 5 / 30

**پاشماوەی پیشمەرجی ئاسایش بوونی عیراق ،**

پرۆسەی دیموکراتیزە کردنیعیراق, پرۆسەی لێسەندنەوەی ئیرادەیە لەخەڵکی عیراق, پرۆسەی پەرەسەندنی شەڕی قەومیئایینییە.

هەر لەم ماوانەدا دەیان کارەسات لەسەر دەستی خودی لەشکری ئەمەریکا یان بەئاگاداری ئەمەریکا بەرێوەچووە, کارەساتی فەلوجە, شەڕی جەلەولاو کەرکوك, تەقینەوەکانی بەغدا, ئیفتصاب و تەعدا لەشکری ئەمەریکا.

دەوڵەتی ئەمەریکا هۆکار وسەرچاوەی هەموو ئەم تراژیدیایە, بەرپرسەلەهەموو ئەم پەشێوی ونائارامیە.هەموو باشبوونێکی ژیانی خەڵکی عیراق ئێستا بەزووترین کات دەرکردنی ئەمەریکایە لەعیراق ودامەزراندنی حکومەتێکە کە جێخواستی خەڵك ولەخەڵك بێت.

تا ئەمەریکا لەعیراق بمێنێتەوە, عیراق ناتوانێ وولاتێك بێت بتوانێ بەئاسایش وئارام نێوبرێ. پێشمەرجی ئاسایش بوونی عیراق بەچوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکاوەبەندە .

جەمال کۆشش 2003/5/27